## بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنــان : ١٠**
**ڕۆژی دەرهێنــان : ٢٠٠١/٦/٣٠**

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و ، لەسەر داواکردنی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەن و ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (١٦)ی ڕۆژی (٢٠٠١/٦/٢٨) یدا ئەنجامی داوەو بە پێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە (٣)ی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمانی داوە ، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەماندا :

### یاسای ژمــــارە (١٠)ی ســاڵی (٢٠٠١)

**ماددەی یەکـەم :**

یاسای ژمارە (١٨٩)ی ساڵی (١٩٨٠) کە تایبەتە بەوەی پیاو بۆی هەبێ بەبێ ئیزنی دادگا ژنی دووەم بهێنێ ئەگەر بێوەژن بێت ، لە کار دەخرێ .

**ماددەی دووەم :**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار .

**ماددەی سێیەم :**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان)دا دەخرێتە بەرکار .

**د. ڕۆژ نــوری شــاوەیس**
**سـەرۆکی ئەنجـومەنی نیشـتمانیی کوردستانی عێـراق**

ئــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com